# گەشەی فراوانی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بزووتنەوەی ژنی کورد لە چاخی نوێدا گەیشتۆتە قۆناغێك کە نە تەنیا حاشاهەڵنەگرە بەڵکوو بەخێراییش روو لە گەشەیە. ئەوەی گرنگە بە رەسمی ناسینی ئەم بزاڤە لە لایەن بزاڤی ژنانی ئێرانەوەیە بە چەشنێك کە لە کۆڕ و کۆمەڵی 8ی مارسی ئیمساڵ لە تاراندا ژنانی چالاکی کورد بە رەسمی لە لایەن بزاڤی ژنان و بزاڤی خوێندکارانی تارانەوە بۆ پێشکەشکردنی پەیڤ و وتار بانگهێشت کران. دوکتۆر روئیا تلووعی، خاتوو سورەیا عەزیزپەنا، خاتوو ژیلا گوڵ عەنبەر، خاتوو دیبا عەلیخانی و... لەو ژنە چالاکانەی بزاڤی ژنانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە لە زانکۆکانی تاران بۆ پێشکەش کردنی وتار بانگ کراون. خاتوو ژیلا گوڵ عەنبەر کۆڕی هەشتی مارسی لە «ناوەندی کوردەکانی دانیشتووی تاران» بەڕێوە برد. خاتوو سورەیا عەزیزپەنا لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی پەیڤێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و خاتوو دیبا عەلیخانیش بۆ پێشکەش کردنی وتار لە زانکۆی تاران بانگ کرا. دوکتۆر روئیا تلووعی لە سەر بانگهێشتی «ناوەندی کولتووری ژنان» و بزاڤی خوێندکاران لە تاران لە دوو کۆڕی جیاوازدا ئامادە بوو. کۆڕی یەکەم بە ناوی «ژن و یاسای بنەڕەتی» لە زانکۆی تاران بەڕێوە چوو. بەشدارانی ئەم کۆڕە خاتوو نووشین ئەحمەدی





خۆراسانی نووسەری فێمینیستی بەناوبانگی ئێران، خاتوو مەرزیەی مورتازی، خاتوو شادی سەدر، دوکتۆر مەحبووبەی عەبباسقولیزادە، خاتوو فەریبا داوودی موهاجیر و دوکتۆر روئیا تلووعی بوون. ئەم خاتوونانە یاسای بنەڕەتی ئێرانیان لە رەهەندگەلی جیاوازەوە خستە بەر باس و خواس و رەخنە. بەگشتی لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم یاسایە دژ بە ژن و دژ بە مافی مرۆڤە و دەبێ بگۆڕدرێ. خاتوو نووشین ئەحمەدی خۆراسانی پێشنیاری پێکهاتنی کۆمیتەیەکی ژنانی چالاکی کرد کە لە روانگەی ژنانەوە یاسایەکی نوێ بۆ ئێران بنووسن.

کۆڕی دووەم بە ناونیشانی «بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی ریفراندۆم» لە زانکۆی پۆلی

تەکنیك بەڕێوە چوو. بەشدارانی ئەم کۆڕە خاتوو پەروین ئەردەڵان، خاتوو نەسرین ستوودە، خاتوو نووشین ئەحمەدی، دوکتۆر روئیا تلوعی و خاتوو فاتمەی گوارایی بوون. لەم کۆڕەدا نووشینی ئەحمەدی خۆراسانی رایگەیاند کە بزووتنەوەی ریفراندۆم لە ئێران لە لایەن بزووتنەوەی ژنانەوە پشتیوانی دەکرێت، بۆوەی ژنان بەردەوام دژ بە شەڕ و خوازیاری ئاشتی بوون و هەر لە سەرەتای داڕشتنی یاسای ئێرانەوە بە شوێن ئاڵ و گۆڕ لەو یاسادا بوون. دوکتۆر روئیا تلوعی لە هەردوو کۆڕەکاندا لە سەر چەوسانەوەی ژنان و کوردەکانی ئێران دوا. ناوبراو باسی لەوە کرد کە دەبێ «مەرج» لە یاسای ئێران بسڕدرێتەوە و مەرجگەلی جنسییەتی و مەزهەبی بۆتە هۆکاری هەڵاواردن دژ بە ژنان و دژ بە نەتەوەکان. هەروەها ئاماژەی کرد کە کوردەکان هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی ئێرانەوە خوازیاری دیموکراسی بوون و ئیمڕۆش داوای دیموکراسی و فیدراڵیزم دەکەن. ریفراندۆم خوازان ئەگەر بە نیاز بن پشتیوانی کوردەکانیش بە دەس بێنن دەبێ بە راشکاوی ئاماژە بە فیدراڵیزم و مافی کورد بکەن.



لە درێژەی چالاکییەکانی بزاڤی ژنانی کورد بە بۆنەی هەشتی مارسەوە لە سنە کارناواڵێك و دوو کۆڕی گەورە بەڕێوە چوو. سەرلەبەیانی رۆژی هەشتی مارس کارناواڵێك لە ژنانی شۆفیر کە ئوتومۆبیلەکانی خۆیانیان بە نووسینی دروشمگەلی پیرۆزبایی رۆژی جیهانی ژنەوە رازاندبۆوە لە شەقامەکانی سنە بە چرای رۆشن و بوق لێدان رێکەوتن.
خەڵکی ناو شەقامەکانیش بە چەپڵەرێزان و پیرۆزبایی لەگەڵ ژنان هاودەنگ بوون و شۆفیرە پیاوەکانیش بۆقیان لێدەدا.





دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دوو کۆڕ لە سینەمای بەهمەن و هـۆڵی فـەجری سـنە بـەڕێوە چـوو کـە هەزاران کەس لە ژن و پیاو و پیر و گەنج ومنداڵ تێیدا بەشدار بوون. لـە کـۆڕی سـینەما بەهمەنـدا خاتوو دیبا عەلیخانی و خاتوو سورەیا مـحەمەدی پەیڤی بە نرخیان پێشکەش بە ئامادە بووان کرد.





لە هۆڵی فـەجریش دوکتـۆر نەیـەرە تـەوەکولی کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆی تاران، خـاتوو فلۆریا مـحەمەدپوور، خاتوو گوڵڕێز ئادەمی (بە نوێنەرایەتی خاتوو عیفەتی ماهباز کە وتارێکی بۆ ئەو کۆڕە لە ئاڵمانەوە ناردبوو) و ئەنـدازیار فـەغفووری چـەند پـەیڤ و وتـاری بـە نرخیـان پێشکەش بە ئامادە بووان کـرد. کچـانی گـەنج دروشـمگەلی داخوازی یەکسانی ژنانیان نیشـان دا و لـە نێـو خەڵکەکـەدا بڵاویـان کـردەوە. بەشداری پیاوانی گەنج لەم کۆڕەدا زۆر بەر چـاو بوو. کورتە فیلمی هاوار کە ڕەحیمی زەبیحی لە سـەر قـەتڵی ناموسـی دروسـتی کـردوە بـڵاو کرایەوە و پێشوازی زۆری لیٚ کرا لەم کۆڕەدا بـە پیلانی ئیتلاعاتی فەرمانداری و ئیـرشادی ڕێگا لە دوکتۆر ڕوئیا تلووعی و خاتوو سوهەیلا مـحەمەدی و خاتوو فاتـمەی ئەردەڵان و نوێنەری کچـانی خوێندکار بۆ پێشکەش کردنی پەیڤ و وتار و بەیاننامەی ژنان و خوێندکاران گیـرا. دوکتـۆر ڕوئیـا تلووعی هەرچەند کە میکروفوونەکەیان لیٚ سەند و چراکانیان لیٚ کوژاندەوە هـەر پـەیڤێکی کـورتی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد و وتی: ئەگەر من نەتوانم مافی خۆم لەو کەسانەی کە لە پشت پەردە پیلانمان بۆ دەکەن کە دەنگمان دەرنەیە، بستێنم ناتوانم داوای مافی ژنان بکەم. هەروەها ئاماژەی بـە ناڕەزایەتی بزاڤی ژنان لە داخستنی گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان و زینـدانی کردنـی چـالاکانی سیاسـی و ڕۆژنامەوانی و بەڕێوەبردنی پڕۆژەی چەکی ئەتۆمی لە ئێران و پێشـێل کردنـی مـافی مرۆڤـ کـرد و هاواری کرد «مافی ژن، مافی کورد، مافی مرۆڤـ». ئامـادە بـووان لەگـەڵی هـاودەنگ بـوون و بـە چەپڵەڕێزان هۆڵەکەیان چۆڵ کرد.

چەند وێنە:




زنان و مردان با هم
در راه رسیدن به
توسعه پایدار






حقوق زن مساوی
حقوق بشر




ما زنان کارگر
خواستار امنیت شغلی
هستیم
ما دنیای بدون
خشونت را می‌خواهیم


حقوق زن مساوی
حقوق بشر